

## ئەدهەم بارزانی:

# حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان جارێکی تر لە ڕێگەی ئایین کوردستان تەعریب دەکەنەوە

دیانە: بۆتان تەحسین- ئیسماعیل ئیبراهیم

**پەرلەمانی کوردستان لە وێستگەی یەکەمی تەمەنی خۆیدا پتر بوونێکی سیمبۆلی هەبووە، کەمتر دەزگایەکی چاودێری و یاسادانان و مەرجەعی سیاسی بووە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو دامەزراوە لە وێستگەی دووەمی تەمەنیدا بەم شێوەیە جێگەی بایەخی خەڵک نەبێ، ئاخۆ چی بۆ هاووڵاتی سەرشەقام پێ بێت، پتر وەک پاشکۆیەکی هەردوو حزبی خاوەن دەسەڵات لێی دەڕوانری، شێرزاد حەسەن گوتەنی: "پەرلەمانتارانی کورد کە نوێنەری میللەتن، بەڵام نوێنەرایەتی میللەت ناکەن"، هەموو ئەو فاکتەرانەی وایان کردووە وێنای پەرلەمان بەم شێوەیە لە زیهنیەتی هاووڵاتی دروست بێ ناوەڕۆکی ئەو وتوێژەبوون، لەم دیمانەیەدا کە لەگەڵ پەرلەمانتار و کەسایەتی ناسراو شێخ ئەدهەم بارزانی ئەنجامی داوە، هەر لە سەرەتا بە بەڕێز شێخ ئەدهەممان گوت کە تەوەری پرسیار و سەرنجەکانمان لەوانەیە قورس بێت بۆ پەرلەمانتارێکی مولتەزیم، بەڵام ئەو زۆر بە ئەعساب ساردی و دوور لەهەڵچوون وەڵامی سەرنجەکانی داینەوە، دەقی پرسیار و وەڵامەکانیش لە خوارەوە هاتوون:**

*** گوتاری دەسەڵاتی کوردی زیاتر کار لەسەر ڕابردوو دەکات، ڕەنگ بێت ئەو گوتارە وەک پێویست لە لایەن ئەو نەوەیەی کە بە دونیای کراوەی ئێستا چاوی ڕاهاتووە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ نەکرێت، بە بڕوای ئێوە کاتی چاوپێخشاندنەوە بە ڕێبازی کاری سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات نەهاتووە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، بە قۆناغی سەخت سەختدا تێپەڕیوە و هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندی خۆی هەبووە، ڕاستە خەڵکێک دوێنی ماندوو بووە و پێویستە ڕێزێکی تایبەت بۆ ئەو ماندووبوونیان دابندرێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بزاندرێت قۆناغی ئەمڕۆی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی ڕابردوو هەیە. جا لێرەدا پێتڤی چاوپێداخشادنەوەی دەسەڵاتی کوردی دێتە پێش کە دەبێت بەرنامەیەکی وا دابنێت لەگەڵ باروزروفی ئەمڕۆ هاوتا بێت. زۆریش لەو دروشمانەی کە شۆڕشی کورد قوربانی بۆ دابوون ئەمڕۆ هاتوونەتە دی، بۆ نموونە دروشمی ڕووخانی ڕژێمی بەعس.

بزافی ڕزگاریخوازی کورد لە دەستپێکی کاروانەکەیدا کۆمەڵێک دروشمی بەرز کردبووە، نموونەی خودموختاری و لامەرکەزی، ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ گۆڕانی قوناغەکاندا پێشهاتی نوی هاتنە ئارا، ڕاپەڕین سەری هەڵدا و هەڵبژاردن کرا، پەرلەمانی کوردستان هاتە هەڵبژاردن، حکوومەت دامەزرا و لە پەرلەمانی کوردستان بڕیار لەسەر فیدرالیەت درا، دواتریش لە ڕێگای دانانی دەستوور و دەنگ دان لەسەر دەستوور فدرالیەت بە شێوەیەکی یاسایی لە دەستوور چەسپا، ڕەنگە دواین داخوازی کوردیش نەبێت و داخوازی زیاتری بە دواوە بێت، وەک سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان، بەڵام لەم قوناغەی کە ئێستا عێراق پێیدا تێپەر دەبێت خۆشی بێ یان ترشی باشووری کوردستان ئەمڕۆ بەشێکە لە عێراق، لە ڕووی سیاسییەوە دەبێت داخوازییەکە هاوتای قۆناغی ئەمڕۆ بێت، هاوکات پێویستە دەسەڵاتی سیاسی کورد لەسەر ئاستەکانی دیکەش خۆی لەگەڵ ئەو پێشڤەچوونەی ئەمڕۆ بگونجێنێ، لینین دەڵێ: نابێ نە لە دوای ڕەوتەکە بین، نە پێشی بکەوین، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ڕەوتەکەدابین، جا لەم ڕوانگەیە گرووپگەلی سیاسی کوردستان دەبێ لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆ خۆیان بگونجێنن، لێرەش دەمەوێت زیاتر لەسەر پارتی بدوێم، کە یەکێکە لە حزبە خەباتکارەکانی کوردستان و هەمیشە خەباتی لە پێناو ئەوە بووە دۆزی میللەتی کورد لە چنگی دوژمنانی کورد بێنێتە دەر. هەربۆیە پارتی لە هەمووان زیاتر پێویستی بەوەیە بەرنامەیەک بۆ ئەو سەردەمە نوێیە دابڕێژێتەوە، سەرلەنوی خەڵکێکی تازە تەیاربداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ خوێنێکی گەنج بێتە نێو ڕیزی سەرکردایەتی و دامودەزگاکان. بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ئاستێکی مەزن بکرێت.

*** پێتان وا نییە هەر ئەم قاڵب گرتن و پەیوەستبوونەی حزبی کوردی بە ڕابردوو، وای کردبێ ئەو خوێنە گەنجەی باست کرد لە حزبگەلی نێو مەیدانی**

ئەمرۆی سیاسی دووربکەونەوە؟

– ناڵێم دوورکەوتنەوە هەیە بەمانای دوورکەوتنەوە تا ڕادەی پچڕان، دوور کەوتنەوەیەکی ئاسایی هەیە، ئەگەر حزب هەمان دروشمی چل ساڵ بەر لە ئێستای هەبێت، ئەوا شتێکی باش نییە، چونکە، کات لە دوای کات گۆڕانکاری ڕوودەدەن و پێشکەوتنی زۆر خێرا لە ئارادان، تەنانەت هەندێک بابەتی شەش مانگ بەر لە ئێستا کۆن بوونە، ئەگەر هەر حزبێک خاوەن هەر ئایدیۆلۆژیایەک بێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەنگاو نەنێت، گەنج و ڕۆشنبیرانی ئێمە کە ئەمرۆ لە قۆناغی بەرزی خوێندن دان خۆیان گۆشەگیر دەگرن، ئەمرۆ خەڵک بێ ئاگا نین و پێشکەوتووترین تەکنەلۆجیایان لەبەردەستە، گەنجێک کە بەم پێشکەوتنانە ڕاهاتبێت، ناتوانێت لەگەڵ حزبێک هەڵبکات کە پەیڕەوی هەمان سیاسەتی (١٠) ساڵ بەر لە ئێستا بکات، ئەوەیە زەرووەرەتی قۆناغی ئەمرۆ.

*** جا پێت وایە حزبی کوردی ئەو ئامادەییەی تێدابێ ئەو گۆڕانە لە هەناوی خۆی ئەنجامبدات و لەو قاوغی ڕابردووی خۆی بێتە دەر بتوانێ توێژێکی گەنج بۆ نێو پرۆسەی سیاسی وڵات تەیار بدات؟**

–من بەش بە حاڵی خۆم ئومێدەوارم ئەم ئامادەییە هەبێت، ئەگەر نەشبێت دەبێت دان بەوە دابنرێت. ئەگەر لەگەڵ ئەم واقیعەش هەڵبکات، ئەوا بە بەرژەوەندی حزبەکە دەشکێتەوە. ئەگەر ئەم پێشکەوتنەش چێ نەبێت. ئەوا حزبە زیان لە خۆی دەدات، دواجاریش پەشیمان دەبێتەوە.

*** لەم دواییەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیری گەنج خزانە نێو ڕیزی پلەی بەرزی حزبی و حکوومی و پەرلەمان، ئایا بەو کارە کە زیاتر خۆی وەک هەنگاوێکی ڕواڵەتی خۆی دەنوێنێ بەسە بۆ ئەوەی دامەزراوی هاوشێوی پەرلەمان کارا بکرێت؟**

–خوێندنەوە بۆ کارایی دامەزراو گەلی وەک پەرلەمان دەبێ لە ڕوانگەی هەلومەرجی بابەتییانەی خۆی بێت، بۆ نموونە تەنیا دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، خاڵێکی گرنگ بوو، بۆ بەرەو پێشوەچوونی بارودۆخە سیاسیەکە، ئەگەر پەرلەمانەکەشمان، ئاکتیڤ نەبووبێت، ئەوا بە هۆی چەند ئەگەرێک بووە، بۆ نموونە بڕیاردان لە سەر فیدراڵییەت لە دووری چەند کیلۆمەترێکی سووپای عێراقی بڕیارێکی گرنگ بووە، وەک قۆناغێکی دیکەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، هەروەها لە ڕووی دەرکردنی یاساش هەندێ پرۆژەی یاسایی وای دەرکردووە، کە ژیانی خەڵکی بەرەو باش بردووە، هەرچەندە ئەو خۆشگوزەرانییەشی لەگەڵ خۆنەهێناوە. ئەمەش بە هۆی سیستەمی پەنجا بە پەنجابووە و لێنەگەڕاوە پەرلەمان ئاکتیڤ بێت. کە دوا جار دەرەنجامێکی خراپیی لێ کەوتەوە و شەڕی ناوخۆیی لێ دروست بوو و نەیتوانی چاودێری کارەکانی حکوومەت بکات و دوو ئیدارە دروست بوو، لێرەدا پەرلەمان نەیتوانی بەکاری خۆی هەڵبستێت.

*** ئەی چ ئومێدێکمان بە پەرلەمانی ئێستا هەبێت، هەر لەسەرەتا ئەوەندەی قسەیان لەسەر مووچە و زەوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کرد، هێندە قسەیان لەسەر ناکۆکییەکان و پاراستنی قودسیەتی پەرلەمان نەکرد، بۆ نموونە باسی ئەوەیان نەکرد چۆن پەرلەمان لە جیاتی قەڵاچوالان و سەلاحەددین بکەن بە مەرجەعی چارەسەری هەموو کێشەکان؟**

–ئەم پرسیارە بەشێکی پەیوەندی بە خودی پەرلەمانەوە هەیە، بەشەکەی تریش بە بڕیاری سیاسی قەڵاچوالان و سەلاحەددین، ڕاستە لە پەرلەمان باس لە مووچە و هەندێک بەرژەوەندی کەسی کرا. بەڵام تەنیا یەک دانیشتن بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە، من ئەوە ڕەت دەکەمەوە کە زیاتر لە یەکجار قسە لەسەر ئەم بابەتە کرابێت، بە پێچەوانەوە زۆر جار لە لایەن پەرلەمانتارانەوە، خودی سەرۆکایەتی پەرلەمان تەنگەتاو کراوە، تەنانەت لە دانیشتنێکدا ئەندام پەرلەمانێک کە لە لایەن یەکێتی دانراوە، بە سەرۆکی پەرلەمانی گوت: چۆن دەڵێی ناتوانین ناو ماڵی خۆمان ڕێک بخەینەوە تاکو حکوومەتی بەغدا دانەمەزرێت، ئەگەر کەسێک نەتوانێ ناو ماڵی خۆی ڕێک بخات چۆن دەتوانێت، نێو ماڵی خەڵکی تر ڕێک بخات، مەبەستم ئەوەیە گفتۆگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە کراوە.

بۆ تەوەری دووەمیش دەڵێم ئەوەیان ڕاستە و ناتوانم ئینکاری بکەم، زۆر جاریش باسمان لەوە کردووە، کە دەبێت پەرلەمانتار وەک پەرلەمانتار ڕەفتار بکات، دەبێت فشار بخرێتە سەر ئێمە و یەکێتی، بۆ ئەوەی پەرلەمان خۆی خاوەن بڕیار بێت، دیارە ئەمەش بۆ کاریگەری ئەم دوو لایەنەیە لەسەر پەرەلەمانتارەکان.

*** ئاماژەت بە پەتای پەنجا بەپەنجا کرد کە پەرلەمانی یەکەمی ئیفلیج کردبوو، پێت وانییە ئەو پێکهاتەیەی ئێستا هەمان فیفتی بە فیفتی بێت؟**

–بێگومان سیستەمی سیاسی ئەم وڵاتە کە کاروباری کوردستانی پێوەبەڕێوە دەچێت، سیستەمی ڕێککەوتنە، بە کوردی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتوون چ پەرلەمان بێت چ دامەزراوەکانی تر بە ڕێکەوتن بەڕێوە ببەن. بە بۆچوونی من ئەم پەنجا بەپەنجای ئێستا لە پەنجا بە پەنجای پێشتر بەهێزترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمجارەیان بە ڕێکەوتنێکی دەرەوەی پەرلەمان لەسەر ئەو پێکهاتەیە ڕێککەوتون، یەک لیستی هەردوو حزب لە هەڵبژاردنەکان ئەمەی سەپاندووە، ئەمەش بەردەوام دەبێت تا هەردووکیان بەجیا لە هەڵبژاردن بەشدار دەبن و هەر حزبەی قەوارەی خۆی دەزانێت، واتە لەناو جەماوەر کێ لە هەڵبژاردن سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بە پێی ڕێژەی خۆی پەرلەمانێک پێک بهێنی و حکوومەت دابمەزرێنی، نەک وەک ئێستا ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان پارتی بێت، سەرۆکی حکوومەت یەکێتی بێت، یان بەڕێوبەرێک پارتی بێت. جێگرەکەی یەکێتی بێت، بە پێی ڕێککەوتنی ئێستا هەرکاتێک جێگری سەرۆکی حکوومەت دەستی لە کار کێشایەوە، دەبێت ئەو حکوومەتە هەڵوەشێتەوە، لەگەڵ ئەمەش دەبێت ئەوە لە بەر چاو بگرین، بارودۆخەکە لەبەر ئەوە وای لێهاتووە، کە ئێمە بەشێکین لە عێراق و کۆمەڵێک لایەنی بەهێز لەناو دۆخەکەن. دەوڵەتانی ئیقلیمی هەریەک بە جۆرێک، وڵاتانی عەرەب بە هەمان شێوە، ئێران لە پەنا قوڵاییەکی شیعی لە عێراقدا ڕۆڵ دەگێڕێت، بۆ کوردیش قۆناغەکە ناسکە، گەلێک کێشە هێشتا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، یەکێک لە شارە گرنگەکانی کوردستان کە کەرکوکە و (مەلا مستەفا) ڕەحمەتی خوای لێبێت، بە دڵی کوردستان وەسفی کردووە هێشتا نەگەڕاوەتەوە باوەشی کوردستان، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئەم ڕێککەوتنەی پارتی و یەکێتی بۆ بە هێز کردنی تای تەرازووی کوردە، لە بەرامبەر لیستە عێراقییەکان.

*** جا ئایا سەرقاڵبوونی سەرکردایەتی سیاسی کورد بە کێشەکانی بەغدا پاساوە بۆ ئەو خەم ساردییەی بەرامبەر هەندی کێشەی ناوخۆ هەستی پێدەکرێت؟**

–لە ڕاستیدا هەندێک شت بەم لایەنە گرێدراوە، من باسی

پارتی لە هەمووان زیاتر پێویستی بەوەیە بەرنامەیەک بۆ ئەو سەردەمە نوێیە دابڕێژێتەوە، سەرلەنوی خەڵکێکی تازە تەیاربداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ خوێنێکی گەنج بێتە نێو ڕیزی سەرکردایەتی و دامودەزگاکان

برووسکەیەکی خۆم دەکەم، کە دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا بۆ سەرۆک (مەسعود بارزانی )م ناردووە لە بەغدا، سەبارەت بە سووتەمەنی و ڕەوشی ژیانی خەڵکی و پێم گوتووە، لێرە خەڵک نارازییە، کە بوتڵێکی غاز گەیشتۆتە( ٣٠-٤٠ ) هەزار دینار، بەرمیلی نەوت ( ١٠٠ ) هەزار دینار، کارەبا دەکری بڵێین هەر نییە، وەڵامی منی داوەتەوە و دەڵێت، لەو حاڵەتەدا ئاگادارم، لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی هەوڵدەدەین چارەسەری بکەین، ئەمە پەیوەندی بە حکوومەتی عێراقە کە ملیارێک قەرزارە و قەرزەکەی نەداوەتەوە. هەندێک شت لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێرەیە، بەڵام هێشتا ئەمە پاساو نییە بۆ وەزیرێک بەکاری خۆی هەڵنەستێت و خزمەتی خەڵک نەکات، ئەگەر ئەم وەزیرە بە کاری پێویستی خۆی و خزمەتکردنی خەڵک هەڵنەستی، پێویستە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت .

***ئایا بەرنامەیەکتان نییە لە پەرلەمانی کوردستان کۆتایی بە هەندی دیاردەی حزبی بهێنرێت وەک نەهێشتنی دامەزراندن بە هۆی تەزکیەی حزبی و شتی تر؟**

– دەمەوێ لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ئەویش بە سروشتی پەیوەندی حزب و ئەندامەکانی گرێ دراوە، چەندی سەرنجم دابێت حزب لە مێژووی میللەتاندا، بۆ ڕێکخستنی تواناکانی جەماوەر بووە، هەرکاتێکیش حزب لە قاڵبی جەماوەری بوون دەرچوو، دەچێتە چوارچێوەیەکی تر، کە پەیوەندییەکە زیاتر پەرستن ئامێز دەبێت و لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی دەردەچێت، بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە کە من چاک و خراپی حزبەکەی خۆم پی باش بێت، لێرە مرۆڤ دەبێتە بەندەی حزب، ئەو ئازادییە لە دەست دەدات، کەخوا پێیەوە خەلقی کردووە. جا من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە دانییم تەزکیە بێتە نێو هەموو لایەنەکانی ژیان، بۆ نموونە وەرگیرانی قوتابییەک لە خوێندن لە ڕێگەی تەزکیەوە بێ. ماوەیەک بەر لە ئێستا من لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ دانیشتم و بە ڕاشکاوی پێم گوتن کە دەبێ زانست لە سیاسەت جیابکەینەوە، بوار نەدری سیاسەت دەست لەکاروباری زانستی وەربدات، هەلی خوێندن پێویستە لەسەر بنەمای پلەی بەرز و زیرەکی بێت نەک لەسەر بنەمای حزبایەتی.

***لەم دواییانە هەندێک لە ڕەوتە ئیسلامییەکان بانگێشەی گۆڕینی سروودی (ئەی ڕەقیب)یان کرد بە بیانووی ئەوەی لەگەڵ ئایین نەگونجاوە؟**

– سروودی ئەی ڕەقیب هێمایەکی نەتەوەیی کوردە و هیچ شتێکی وای لە خۆ نەگرتووە کە موخالیفی ئایین بێت، بەوردی ئەگەر لە چەند وشەیەکی نێو شیعرەکەوە بڕوانین، کە دەڵێت (دینمانە ئاینمان هەر نیشتمان)، تۆ ناتوانی بڵێیی مەبەستی شاعیر لادان بێت لە ئایین، عەرەب دەڵێن (المعنى في قلب الشاعر)، ئەوان زیاتر سەیری لایەنە ڕووکەشییەکەی دەکەن، ئەگەرنا ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە پیرۆزی نیشتمان لە لای زۆر گەورەیە، ئەو شاعیرەی ئێمەش کە ئەم شیعرەی داناوە، وەک پابەندیەک بە سۆزی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمان، ئەمە لێکچواندنێکە بۆ خۆشەوستی نیشتمان و شانازی کردن بە وڵات.

لێرەدا دەخوازم حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان جارێکی تر نەبنەوە پاڵپشتی سیاسەتی نەتەوەیی عەرەبی، بێنەوە بەناوی ئایین، کورد تەعریب بکەنەوە، دوژمنانی کورد دژایەتیان بۆ دۆزەکە لەو ڕوانگەیە نەبووە کە کورد میللەتێکی موسڵمان نییە، بەڵکو دژایەتییەکە لەسەر بنەمای نەتەوەیی بووە، مەترسی حزبە ئیسلامییەکانی ئێمە لێرەوەیە، کە جارێکی تر دەیانەوێت کورد تەعریب بکرێتەوە، ئەمەش بە زەرەری ئەوان تەواو دەبێتەوە، میللەتی کورد میللەتێکی موسڵمانە و خزمەتی ئیسلامی کردووە لە ڕووی شەرع و فیقه و فەلسەفە و شەڕیشی بۆ پارێزگاریکردن لە ئیسلام کردووە، شانازیش بەوە دەکەین، بەڵام ناکرێت جارێکی تر ئایین بکرێتە هۆکاری هەڕەشە و قڕکردن و ئەنفال و کیمیاباران، من لە پەرلەمانیش ئەوەم گوتوە کە میللەتی کورد جارێکی تر بەرگەی ئەوە ناگرێ حزبێکی ئیسلامی بێت بە ناوی ئایین کورد تەعریب بکاتەوە، بە بۆچوونی من ئایین وەک هەر بیروباوەڕێکی دیکە پێویستە پارێزگاری لە مرۆڤایەتی بکات، بۆ ئێمەی کوردیش مانەوەمان پەیوەستە بە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی، کە لە سایەی ئەو قەوارەیە جارێکی تر قەتل و عام دروست نەبێتەوە، ئەمەیان گرنگە، پێویستە بەر لە هەمووشتێک ئێمە دەوڵەت بۆ خۆمان چی بکەین و سنوورەکانی خۆمان بچەسپێنن، ئەگەر ئێمە کیانێکمان بۆ خۆ دروست کرد، ئەوسا ئەوان دەتوانن بڵێن وەرە برای ئیسلامی ڕاست و لە خواترس کار لە پێناو ئایین بکە، کۆماری کوردستانی گەورەی ئیسلامی دروست بکە، ئەگەر هەندێک لەو حیزبە ئیسلامییانە دەڵێن زمانی پێغەمبەر عەرەبییە و قورئانی پیرۆز بە عەرەبی هاتووە و وەڵامی قەبر بە عەرەبی دەبێت، بۆیە ئێمە دەبێ عەرەبمان پێ پیرۆز بێت، من ئەوەم قبول نییە، بە پێچەوانەوە هاتنی قورئان بە زمانی عەرەبی بۆ پێغەمبەرێکی عەرەب و لە خاکی نیمچە دوورگەی عەرەبی بە هۆی (جاهیلیەتی)ی عەرەبەوە بووە، کچەکانیان زیندە بە چاڵ کردووە، قورئان لەبەر ئەوە پیرۆز نییە کە بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە، بەڵکو گەورەیی قورئان لەوەدایە کە ناوەڕۆکەکەی بۆ ژیانی مرۆڤ گرنگە، با قورئان بە زمانی عەرەبی هاتبێت، بەڵام مەرج نییە من بە عەرەبی قسە بکەم و زمانی خۆم لە بیر بکەم، نەخێر من کە زمانی خۆم لە بیر کرد، واتە من کوردایەتی و کوردبوونی خۆمم لە بیرکرد، یان باسەیرکەین چەند دەوڵەتی عەرەبی هەیە، کام لەم دەوڵەتە عەرەبانە پارێزگارییان لە دۆزی کورد کردووە و باسیان لە مەزلوومیەتی میللەتی کورد کردووە، کامیانن گوتیان (سەدام حوسێن) تۆ بۆ چ ئەم هەموو کوردە مۆسڵمان و بێگوناهەت کوشت، یان بە (حافز ئەسەد) یان گوتووە، یان بە (بەشار ئەسەد) یان گوتووە؟





لێرەش لە ڕێگەی ئێوەوە بە پێویستی دەزانم بە هەندی کەسی نووسەر و ڕۆشنبیر کە جارناجار هێرش دەکەنە سەر ئایین بڵێیم ئەمە کارێکی ڕەوا نییە، ئەمڕۆ زۆر شتی گرنگتر هەیە، کە پێویستە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد کاری لەسەر بکەن، ئێمە هەمووشتێکمان تەواو نە کردووە، تا هێرش بکەینە سەر ئایین، هێشتا کۆتایی بە خۆشگوزەرانی خەڵکی نەهاتووە، خەڵک هەموو پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی بۆ دەستەبەر نەکراون، تا باس لەخوا و ئایین و ئەو بابەتانە بکرێت.

*** باشە دەبێ وەڵامی ئەو کەسانە بە دەرکردنی فەتوای کوشتن بدرێتەوە، یان بە ئامرازی تر؟**

–لە ئایین شتی لەم شێوەیە نییە، تەنانەت بە دەقی ئایینی دەگوترێت (وجادلوهم بالتي هي أحسن)، جادلوهم واتە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، دەمێک کەسێک هێرشی دەکاتە سەر ئایینی تۆ یاخود قورئانی پیرۆز یان پێغەمبەری خودا، ئەگەر تۆ بە شێوازێکی دروست لەم حاڵەتە مامەڵەت نەکرد، تۆ دەبیتە هۆکاری دروست بوونی پەشێوی. واتە لە ئیسلام بواری گفتوگۆ هەیە، واتە ئەو ئازادییەی کە خوا بەخشیوویەتە مرۆڤ، مافی خۆیەتی مومارەسەی بکات، نەک وەڵامی تۆ هێرش بێت بە شمشێر، بەڵکو دەبێت تۆ کەسی بەرامبەر بگەیەنیتە قەناعەت. ئەوەی مەریوان هەڵەبجەیی نووسیوویەتی من هێشتا نەم خوێندووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕ (مبدأ) ی گفتوگۆ و یەکتر گەیاندنە قەناعەت دەبێت کاری پێبکرێت، چونکە گفتوگۆ لە ئیسلام مەبدەئی ژیانە.